# كاراميیه باڵاكانی بیركردنەوە

## المهارات العليا للتفكير

## Higher thinking skills

د .ديار محي الدين صادق

2024 – 2023

diyar.sadeq@su.edu.krd

## 1– بیرکردنەوەی ڕێکخراو (التفكير المنظم) (Systematic Thinking)

پشت بەستن بە دۆزینەوەو دروست کردنی زۆرترین ڕەگەزو ڕێگاچارەی چارەسەرکردنی گرفت ....3 سێ هەنگاوەکەی :

A. دەست نیشانکردنی لیستی ڕەگەزو بنەماکانی گرفتەکە کە بیری لێدەکرێتەوە.

B. پۆلین کردنی ئەو ڕەگەزو بنەمایانە بۆ کۆمەڵێك بیرۆکەی لاوەکی (فرعي).

C. دۆزینەوەی بیرۆکەی (فكرة) گشتی لەو بیرۆکە لاوەکییانە.

دوو جۆری هەیە :

## أ بیرکردنەوەی شیتەڵکاری (التفكير التحليلي) (Analytical Thinking)


- شیتەڵکردنەوەی بابەت‌و گرفت بۆ هۆکارو رەگەزو پێکهاتەکان..
- واتا ...تێگەیشتنی گرفت کە لە هەموولایەك..
- تێگەیشتنی جیاوازی نێوان رەگەزو هۆکارەکان...
- پشت گوێ خستنی لێکچوون و کارلێکی نێوان رەگەزو هۆکارەکان

## ب – بیرکردنەوەی پێکهاتەیی (التفكير التركيبي) (Synthesis Thinking)

- کۆکردنەوەی هەموو رەگەزو پێکهاتەکانی گرفت و بابەتەکە بەیەکەوە .. بۆ زانینی چۆنێتی کارکردنیان..
- گرنگی دان بە کارلێکی نێوان رەگەز و پێکهاتەکانی گرفت‌و بابەتەکە..
- گرنگی دان بە لایەنە هاوبەشەکانی نێوان رەگەزەکان.

## 2–بیركردنەوەی پلە بەرز (التفكير عالي الرتبة) (Higher order Thinking)

- سەرچاوەی ئەم جۆرە بیركردنەوە (پۆلێنەكەی بلوم)ـــە (تصنيف بلوم)..
- دابەشكردنی ئامانجە مەعریفییەكان بۆ ژمارەیەك رەگەزو ئامانج (پرۆسەی عەقڵی )...وەك (یادكردنەوە، تێگەیشتن، شیتەڵ كردن، پێكهێنانو دووبارە بونیادنانەوە، هەڵسەنگاندن).
- بەپێی ئەمجۆرە وپۆلێنەكەی (بلوم)...بیركردنەوە تەنها یادكردنەوەی زانیاری و مەعریفە نییە..
- بەڵكو زۆر لەوە زیاتر و بەرفراوانترە و بریتییە لە تاووتوێ كردنو یاری كردن بە زانیاریو مەعریفەو تێگەیشتنی جیهانو دیاردەكانی چواردەورمان، سەرەڕای تێگەیشتنو زانینی چۆنێتیو هۆی رووداني دیاردەكان، هەروەها زانینی هۆی رووداني بەشێوەیەك ....روونەدانی بەشێوەیەكی تر.



تصنيف بلوم - النموذج القديم

(بلوم) پرۆسه عەقڵییەکانی (مەعریفەو یادکردنەوەو تێگەیشتنو پراکتیزەکردن) بیرکردنەوەی پلە نزمن..

پرۆسه عەقڵییەکانی (شیتەڵ کردنەوەو پێکهێنانو دووبارە بونیادنانەوەو هەڵسەنگاندن) بیرکردنەوەی پلە بەرزن..

diyar.sadeq@su.edu.krd

## 1– مەعریفەو یادکردنەوە (Knowledge) :

- یادکردنەوەی زانیاری‌و مەعریفە دیاریکراوەکان...
- زانینی ڕۆژو ڕووداو و شوێن و بیرۆکە سەرەکی‌و جۆراو جۆرەکان.

## 2 – تێگەیشتن (الاستیعاب) (Comprehension) :

- ڕێکخستنی زانیاری‌و ڕاستیەکان بۆ دەستکەوتنی مانا .. تێگەیشتن= مانا
- گواستنەوەی زانیارییەکان بۆ بارودۆخی نوێ...
- بۆ چارەسەرکردنی گرفتی نوێ...

## 3– پراکتیزەکردن (التطبيق) (Application)

- پراکتیزەکردنی مەعریفەو زانیارییەکان لە بوارەکانی ژیان..
- سوود وەرگرتن بۆ چارەسەرکردنی گیرو گرفتەکان ..
- تێگەیشتنی سروشتی شتەکان...

## 4– شیتەڵ کردنەوە (التحليل) (Analysis)

- شیتەڵکردنەوەی دیاردەکان ( رەگەزو پێکهاتەکانی)
- لێکدانەوەی هۆکارەکان بۆ تێگەیشتنی سروشتو پێکهاتەی شتەکان...
- دیاریکردنی پێکهاتەو بنەماکانی دیاردەو شتەکان..
- زانینو درك پێکردنی مانا شاراوەکانی دیاردەو گرفتەکان..

## 5–پێکهێنان و دووباره بونیادنانەوه (التركيب) (Synthesis)

- دەست نیشانکردنی پەیوەندی نێوان رەگەزو پێکهاتەکان..
- پێشبینی دەرئەنجامی شتەکان..
- بۆدروست کردن وداهێنانی نوێ (بیرو بۆچوون ).

## 6– هەڵسەنگاندن (التقويم) (Evaluation)

- نرخاندنی دیاردەو بابەتەکان..
- بڕیاردان لەسەر باشی و خراپی.......و فیدباك ...کۆتایی ...
- ...جیاوازی نێوان ( هەڵسەنگاندن و نرخاندن ) ...الفرق بين ( التقويم و التقييم ) .




تصنيف بلوم - النموذج القديم

**هەڕەمی نوێ**